مەڵبەندی (سێ) ی یەکگرتوو ـ دهۆک



لقی (چوار) ی پارتی ـ سلێمانی

وەڵامان بۆ رۆژنامە(بە خۆراییەکەی) هەولێر تەنها وێنەکانە !

ناکامی تەکفیرکردنی میللەتێکی موسڵمان

تووندڕۆیی، کاردانەوەی تووندڕۆیانە بەرهەم دەهێنێت

"سکاڵا لەسەر ئەوانە تۆمار دەکرێ کە ژیانیان بە مۆنکی هاوواڵتیان گەیاندووە"

تاوتوێی نامەی دکتۆرای (مونیر ئامێدی) کرا

بەرواری (٢ /٢٠١١/١٢) لە هۆڵی میوانخانەی (خانی) لە شاری دهۆک گفتوگۆی نامەی دکتۆرای (مونیر صدیق سەعدوڵڵا) کرا.

نامەی دکتۆراکەی ناوبراو لەژێر ناونیشانی (متطلبات الموائمه بين الجوده و البيئه فی ظل سلسله المواصفات الدوليه - ١٤٠٠٠ iso ,,iso٩٠٠٠) لە بواری کارگێڕی کار (الاداره الاعمال)دا بوو، کە پێشکەشی لێژنەی سەرپەرشتیاری زانکۆی بەریتانی لە عێراق کردبوو.

شایەنی باسە پاش چوار کاتژمێر گفوتۆکردن، نامەی دکتۆراکەی بە پلەی نایاب وەرگیرا.

لێژنەی گفتوگۆ پێکهاتبوو لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

أ.د علی حسين الحديثی ـ سەرۆک لێژنە.

أ.د. عبدالسلام گە ـ ئەندام و سەرپەرشتیار.

د.سعد محسن عباس ـ ئەندام.

م.د . چیاو صالح قادر ـ ئەندام.

م.د. أحمد فهمی ـ ئەندام.

م.د. سرمد حمزه الشمری ـ ئەندام.

رایەڵەی خوێندکارانی بزوتنەوەی گۆڕان ناڕەزایی دەردەبڕێت بەرامبەر پاریزگاری نەکردن لە بارەگای ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان

بەیاننامەی ئەنستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە تووندوتیژیەکانی پاریزگای دهۆک

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان : ئیدانەی سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو دەکات....

بۆ هەواڵی گەرماوگەرم لەسەر ڕووداوەکان بەردەوام سەردانی سایتی گوردیو بکە

راستگۆیی لە هەواڵ .. خێرایی لە بڵاوکردنەوە

KURDIU.ORG

عربي ENGLISH

لێقەوماوانی شاری (وان) پێویستیان بە هاوکاری تۆیە

سەرەتا | کوردوکوردستان | لەبارەی ئێمەوە | مەلەفی یەکگرتوو | دیدارو چاوپێکەوتن | وتارو بیروڕا | بلاوکراوەکان | بەخێربێن

سەردێر

- ماڵەوە
- هەواڵی یەکگرتوو
- هەواڵی کوردستانی
- هەواڵی عێراقی
- هەواڵی جیهانی
- بەشی وەرزشی
- هەواڵی گشتی
- هەواڵی فارسی
- هەواڵی تورکی
- جیهانی ئیسلامی
- زانست و تەکنەلۆژیا

وێنە هەواڵ...هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بە چەندان چەکی جۆراوجۆر دەوری لایەنگرانی یەکگرتوویان لە شاری هەولێریان گرت

بە وێنە ...گردبونەوەی دۆست و لایەنگرانی یەکگرتوو لە هەولێر ببینە

وێنە هەواڵ ... سلێمانی: ئارادی بۆ بادینان

ڕونکردنەوەیەک لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە

ڤیدیۆ...زمارەیەک چەکدار لە کاتی سوتاندنی بارەگای مەڵبەندی ڕاخۆی یەکگرتوو هەڵیەرکن ساز دەکەن

بەیاننامەی ئەنستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە تووندوتیژیەکانی پارێزگای دهۆک

1 2 3 4 5 6 7 8 9 10 11 12 13 14

www.yakgrtu.org

یەکگرتوو

ژمارە (٨٦٧)
دوو شەممە ٢٠١١/١٢/٥ ز
ساڵی حەفدەهەم

www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤

ناونیشانی ڕۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەڕەکی تیراوە – بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی – دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

قسەیەکی تر

ئایندەی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا

هیوا حامد

بەهارو شۆرشی گەلانی عەرەبی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە میژوی مرۆایەتیداو جارێکی تر مانای کردەوەو بەبەری چەندین چەمک و دروشمی تۆز لێ نیشتوی نێو پەرتوک و گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا ، ڕۆحی کردەوە بەبەر چەندین خەون و خۆزگەو خولیا کە سااڵنێک بوو لە تامەزرۆیدا گەلان ڕۆژگاریان دەگوزەراند ، زەبرێک بوو دیموکراسیەتی بە ناخی دەسەاڵتدا شۆڕکردەوە بە جۆرێک بازنەی دروشم تێپەڕێنێت و ببێتە بنەمایەک لە سایەیدا ئەرک و مافەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێکبخرێت ، هەستانەوەیەک بوو کۆت و بەندی کۆیلایەتی تێکشکاندو لەبری نا ئومێدی، گەشبینی کردە میوانی هەموخێزانێکی ئەم کۆمەڵگە خێر لە خۆ نەدیوانە ، گەلی کورد ئەگەرچی لە سایەی خەباتی دوورودرێژو هەندێک هاوکێشەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا بەهاری زۆر زوتر لە ئێستا دەستی پێ کرد و میژوەکەی بۆ بیست ساڵ بەر لەئەمڕۆ دەگەڕێتەوە ، وەلێ لەسایەی عەقڵیەتی شاخ و لەرێگەی لولەی تفەنگەکانەوە نەهێڵدراو نەیانهێشت گەلی کورد بۆ چەند ساتێکی کەمیش بێت دەست لەملانی خۆشی و شادیەکانی بێت و جارێکی تر دێوەزمەی شەڕ و پاوانخوازی دەسەاڵت و پرۆسەی بێ حورمەت کردن مرۆڤی کورد دەستی پێکردەوە ، کۆمەڵگە بێ نازو جەماوەر پەراوێز خرایەوە ، لە نێو ئازارو ژانی ئەو واقیعە نەخوازراوەدا چەند هێزێکی سیاسی تازە بابەت و مۆدێرن لە دایک بون ، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانیش یەکێک بوو لەو هێزانەی کە کەم تا زۆر ئومێدی بۆ خەڵک گێرایەوە ، دەستی کرد بە خەبات لە پێناوی ئەوەی پێکەوە ژیان شوێنی سڕینەوەی یەکتر بگرێتەوە ، سندوقەکانی دەنگدان شوێنی لولەی تفەنگەکان بگرنەوە ، دیموکراسیەت لە دروشمێکی ئیستهلاکی بێ ڕۆحەوە بکرێتە سیستەم و هەموان لەسایەیدا مافمان پارێزراو بێت و هەست بە بون بکەین ، حکومەت حکومەت بێت و بۆ خزمەتی میلەت بێت و حیزبیش حیزب ، خۆشەویستی و ڕێز شوێنی بوغزو کینە بگرێتەوە ، وەلێ هەر زوو ئەو دەنگە ناسک و بەهار ویستە ، کەوتە بەر شاڵاوی تەنگ پێهەڵچنین و پەلاماردان ، خۆشبەختانە نەتوانرا ڕەوتی پێ بگزردرێ ، ئێستاکە سەردەم گۆڕاوەو ئەم داخوازیانە سنوری حیزبێک و دوان و سیانی تێپەڕاندوەو بۆتە داخوازی جەماوەرو لە چەند مانگی ڕابردوشدا بە جۆرەها شێواز خراونەتە ڕوو ، لەبەرامبەردا دەسەاڵت بەڵێنی بەدیهێنان و بەخۆداچونەوەی بەخەڵک داوە ، جەماوەر وهێزە سیاسیەکان بە تێکڕا لە چاوەڕوانی ئەوەدابون (هەندێک نااڵیم هەموو) لەو بەڵێنانە جێبەجێ بکرێن ، کەچی زۆر کت و پرو چاوەڕوان نەکراوانە ، دور لە خوێندنەوەو حیساباتی هەرچی ژیر و دانایەکەو ، لە ڕوداوێکی تراژیدی و سەرسوڕهێنەری بێ پێشینەو پاساودا، لە دەڤەری بادینان ، هێرش کرایە سەر چەندین دام و دەزگا و بارەگای یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و ئاگریان تێبەردرا ! ئەم ڕوداوە زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی و جەماوەری کوردستانی توشی شۆک کرد ، ئاخر سوتاندنی بارەگای حیزبێکی سیاسی و مەدەنی وەک یەکگرتوو لەم ئانو ساتە ناسکەدا بۆ؟؟ گێرانەوەی کەلتوری فەرهودو بەربەرێیەت و تاڵانچێیتی بۆ نێو ئەدەبیات و سلوک و ڕەفتاری خەڵک، دوای ئەو هەموو ساڵە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی، بۆ ؟؟ خەڵک لە سۆنگەی بەڵێنەکانەوە چاوەڕوانی بەهاربون ، ئەم وەرزی خەزانە بۆ ؟ ئەمانەو چەندین (بۆ)ی تر چاوەڕوانی وەاڵمن ئەگەر هەبێت و دەست بکەوێت، چونکە بە بروای بەندە وەاڵمەکان هێندە تاڵن تەنانەت لە قورگی ئەوانەشدا نایەتە دەر کە بەپرسیارن لە وەاڵمدانەوەیان ، باسەکە تەنها بریندار کردن وپەالماردان و ڕوشاندنی هەستی هێزێکی سیاسی نیە بە تەنیا، بەڵکو ئەم ڕوداوانە کۆی پرۆسەی دیموکراسیەت و ڕادەی جدی بونی دەسەاڵتی لە بەدەمەوەهاتنی خواستەکانی جەماوەر، بۆ بەدامەزراوەیی کردنی حکومەت و هێنانە کایەی دادپەروەری و سەروەریەتی یاساو مافی هاواڵتی بون و بە پرەنسیپ کردنی دیموکراسیەتی خستۆتە ژێر پرسیارەوە ، ئەم ڕوداوانە هەڵی بەدیهێنانی بەڵێنەکان و کاری هاوبەش و دەستە جەمعی هێندە کەم کردۆتەوە بە جۆرێک کە پێویستە لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان گورج و حەکیمانە، بوێرانە و سەر ڕاستانە پەلە بکەن لە چارەسەرکردنی. ئەگینا نەمان بیستوە و نەماندیوە میژوو بەزەیی بەکەسدا هاتبێتەوە .